**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٣**

به پێی ئەو دەسەڵاتەی له بڕگەی (١)ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، به پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان - عێراق کردویەتی له دانیشتنی ژمارە (٤٩) له ١٥/ ٢٠١٣/٢ بریارماندابه دەرکردنی:-

**یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٣**

**یاسای بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان - عێراق بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٣**

**بەشی یەکەم**

**(داهاتەکان)**

**ماددەی یەکەم:**

داهاتەکانی بودجەی ساڵی دارایی ٢٠١٣ی هەرێمی کوردستان - عێراق، به بڕی (١٥,٢٥٧,٨٤٩,٠٠٠,٠٠٠) پازدە تریلیۆن و دوو سەدو پەنجاو حەفت ملیارو هەشت سەدو چل و نۆ ملیۆن دینار دەخەمڵێنرێت بەگوێرەی ئەوەی له خوارەوە ڕوون کراوەتەوە:

**یەکەم:** بەشی هەرێم بەگوێرەی یاسای بودجەی گشتیی ئیتیحادیی کۆماری عێراق بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٣ که دەگاتە (١٤,٤٠٦,٧٣٥,٠٠٠,٠٠٠) چواردە تریلیۆن و چوار سەدو شەش ملیارو حەفت سەدو سی و پێنج ملیۆن دینار.

**دووەم:** داهاتی خۆماڵی که دەگاتە (٦٥١,١١٤,٠٠٠,٠٠٠) شەش سەدو پەنجاو یەك ملیارو سەدو چواردە ملیۆن دینار.

**سێیەم:** بڕە پارەی پترۆدۆلاری ئەوەی لەناوخۆ بەکارهێنراوە لە نەوتی خاوی بەرهەمهێنراوی هەرێم وپالاۆتەکراوی پالاۆگەکانی هەرێم و بەرهەمهێنراوی گازی سروشتی هەرێم ، وەك ئەوەی لە خوارەوە دێت:

١- (٨٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) هەشتا ملیار دینار بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٣.

٢- (١٢٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سەدو بیست ملیار دینار بۆ شایستەکانی هەرێم لە پترۆدۆلار بۆ ساڵە داراییەکانی نێوان ساڵی ٢٠١٠ تاوەکو ساڵی ٢٠١٢.

**ماددەی دووەم:**

**یەکەم:** گشت داهاتەکانی ئەو فەرمانگانەی لە ناوەندەوە تەمویل دەکرێن وەك داهاتێکی کۆتایی بۆ گەنجینەی گشتی تۆمار دەکرێن و لە بودجەکانی پێداچوونەوەی مانگانە بەدیار دەخرێن .

**دووەم:** بەدەر لە حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوە ، پێویستە لە سەر وەزیری دارایی وئابووری :

١- ئەو بڕە پارەی داهاتی مانگانەی وەزارەتی تەندروستی ، بە سەرجەم فەرمانگەکانیەوە ، دەستەبەری دەکات، بخاتە سەر بودجەی ئەم وەزارەتە بەمەبەستی کڕینی دەرمان و ئامێر و پێڕاگەیشتنی خەرجیەکانی چاککردنەوە بە هەموو جۆرەکانیەوەو بەگوێرەی داواکاری وەزارەت بەهاوپێچی خشتەی داهاتە ڕاستەقینە دەستەبەرکراوەکان و ئەو ڕێگایانەی کەوا بڕیاردراوە بۆ خەرجکردنیان .

٢- ئەو بڕە پارەی داهاتی مانگانەی وەزارەتی کارەبا، بە سەرجەم فەرمانگەکانیەوە ، دەستەبەری دەکات، بخاتە سەر بودجەی ئەم وەزارەتە بەمەبەستی (چاککردن و پێشخستن و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی ووزەی کارەبا) و بەگوێرەی داواکاری وەزارەت بەهاوپێچی خشتەی داهاتە ڕاستەقینە دەستەبەرکراوەکان و ئەو ڕێگایانەی کەوا بڕیاردراوە بۆ خەرجکردنیان.

٣- ڕێژەی ٥٠٪ی كۆی گشتی داهاتی ڕسوماتی مۆڵەتدان و، ڕسوماتی تۆماركردن و، ئەو غەرامانەی كەوا وەزارەتی ناوخۆ وەریاندەگرێت، بخاتە سەر بودجەی ئەم وەزارەتە بەمەبەستی بەكارهێنان و خەرجكردنی لە پێناو سەلامەتیی هاتوچۆ، ئەویش بەگوێرەی مادده (١١)ی یاسای هاتوچۆی ئیتیحادی ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ی پیادەكراو لە هەرێمی كوردستان – عێراق بە یاسای ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٧.

٤- ڕەچاوكردنی ماددەی چل و دووی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەكانی هەرێمی كوردستانی ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەمواركراو و ئەو دەسەڵاتەی بەگوێرەی بڕگەی چوارەمی مادده حەڤدەمی ئەم یاسایە، بە وەزیری شارەوانی و گەشت وگوزار دراوە .

**ماددەی سێیەم:**

ئەو بڕە كۆمەكانەی پێشكەش دەكرێن بە وەزارەتەكان و ئەو فەرمانگانەی گرێنەدراون بە وەزارەت لە پاش قبوڵكردنیان لەلایەن وەزیری دارایی و ئابووریەوە ، وەك داهاتی كۆتایی بۆ گەنجینە تۆمار دەكرێن ، بە مەرجێك وەزیری دارایی و ئابووری لەچوارچێوەی بودجەی وەزارەت یان لایەنی گرێنەدراو بە وەزارەت تەرخان بكاتەوە بۆ ئەو مەبەستانەی لەپێناویدا بەخشراون .

**ماددەی چوارەم:**

وەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێمی كوردستان – عێراق ئەركی دابینكردنی پارەی وەزارەت و ئیدارەكان دەگرێتە ئەستۆ بەگوێرەی داهاتی دارایی بەردەست و بەپێی یاسا و سیستەم و ڕێنماییە كارپێكراوەكان.

## بەشی دووەم

## ( خەرجی و كورتهێنان )

**ماددەی پێنجەم:**

**یەكەم: خەرجیەكان:**

بۆ خەرجیەكانی ساڵی دارایی ٢٠١٣ گوژمەیەك بەبڕی (١٦,٩٤٢,٧٤٩,٠٠٠,٠٠٠) شازدە تریلیۆن و نۆ سەدو چل و دوو ملیار و حەوت سەدو چل و نۆ ملیۆن دینار دادەنرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەكرێت:

١- گوژمەیەك بە بڕی (١١,٦٠٨,٩٥٨,٠٠٠,٠٠٠) یازدە تریلیۆن و شەش سەدو هەشت ملیارو نۆ سەدو پەنجاو هەشت ملیۆن دینار بۆ خەرجیەکانی بەگەڕخستن (تشغیلی) و ، بەم شێوەیە دابەش دەکرێت:

أ- گوژمەیەك بەبڕی (١١,٥٠٧,١٧١,٠٠٠,٠٠٠) یازدە تریلیۆن و پێنج سەدو حەوت ملیارو سەدو حەفتاو یەك ملیۆن دینار بۆ خەرجیەکانی بەگەڕخستنی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ب- گوژمەیەك بەبڕی (٥٥,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) پەنجاو پێنج ملیار دینار بۆ خەرجیەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.

ج- گوژمەیەك بەبڕی (٤٦,٧٨٧,٠٠٠,٠٠٠) چل و شەش ملیارو حەوت سەدو هەشتاو حەوت ملیۆن دینار بۆ خەرجیەکانی ئەنجومەنی دادوەریی.

٢- گوژمەیەك بەبڕی (٥,٣٣٣,٧٩١,٠٠٠,٠٠٠) پێنج تریلیۆن و سێ سەدو سی و سێ ملیارو حەوت سەدو نەوەت و یەك ملیۆن دینار بۆ خەرجیەکانی وەبەرهێنان و ، بەم شێوەیە دابەش دەکرێت:

أ- گوژمەیەك بەبڕی (٤,٤١٩,٤٩٢,٦٠٠,٠٠٠) چوار تریلیۆن و چوار سەدو نۆزدە ملیارو چوار سەدو نەوەت و دوو ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار بۆ خەرجی پرۆژەکانی وەبەرهێنان.

ب- گوژمەیەك بەبڕی (٩١٤,٢٩٨,٤٠٠,٠٠٠) نۆ سەدو چواردە ملیارو دوو سەدو نەوەت و هەشت ملیۆن و چوار سەد هەزار دینار بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی پرۆژەکانی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان، وە پێویستە لە سەر پارێزگار پلانی ئاوەدانکردنەوەی پارێزگاو ئەو قەزاو ناحیانەی سەر بە پارێزگاکەن و کە لە لایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە پەسەندکرابێ، پێشکەشی وەزارەتی پلاندانان بکات بەمەبەستی لێکۆڵینەوەو پەسەندکردنی، بەمەرجێك ڕەچاوی ئەو ناوچانە بکرێت کە زیاتر زیانیان پێکەوتووە لە ناو پارێزگاو لەگەڵ ژمارەی دانیشتووەکانی، و گوژمەیەك بەبڕی (١٥٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سەدو پەنجا ملیار دینار، لە تەرخانکراوەکانی گەشەپێدانی پارێزگاکان، بۆ کۆمەك و چاککردنی پرۆژەکانی کارەبا تەرخان دەکرێت و بەشی هەر پارێزگایەك بەگوێرەی چڕی دانیشتووانی دیاری دەکرێت، و ٥% لە بەشی هەر پارێزگایەك بۆ کۆمەکی پرۆژە کشتوکاڵیەکانی پارێزگاکان.

**دووەم: کورتهێنان:**

کورتهێنانی نەخشە بۆ درێژراو بە بڕی (١,٦٨٤,٩٠٠,٠٠٠,٠٠٠) یەك تریلیۆن و شەش سەدو هەشتاو چوار ملیارو نۆ سەد ملیۆن دینار دەخەملێنرێت و ئەم کورتهێنانە بەمانەی خوارەوە دادەپۆشرێت:

١- گوژمەی تەرخانکراو بۆ وەزارەتی پێشمەرگە لە بودجەی بەگەڕخستنی ئیتیحادی بۆ پاسەوانانی هەرێم لە نێو تەرخانکراوەکانی وەزارەتی بەرگری ئیتیحادی بەگوێرەی یاساکانی بودجەی ئیتیحادی بۆ ساڵە داراییەکانی (٢٠٠٧ تاوەکو ٢٠١٢) ، یان هەر ئیستحقاقێکی تری حکومەتی هەرێم لە بودجەی ئیتیحادی.

٢- ڕێنوێنیکردنی خەرجی و زیادکردنی کۆکردنەوەی داهاتەکان .

**سێیەم:** پێویستە لە سەر وەزارەتی دارایی و ئابوریی هەرێم ئەم گوژمە پارانەی لە خوارەوە دیاری کراون، ببڕێت لە کۆی گشتیی تەرخانکراوەکانی بودجەی بەگەڕخستنی (جگە لە قەرەبووی فەرمانبەران) سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمان، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی دادوەری، ئەنجومەنی ئاسایش و دەزگای ئاسایشی هەرێم، یەدەگی وەزارەتی دارایی و ئابوری، و گوژمە پارەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێن :

١- تەرخانکردنی گوژمەیەك بە بڕی (٢٠) بیست ملیار دینار بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بۆ جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی ژێرخانیی ڕۆشنبیریی بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١٢ی تایبەت بە ناساندنی شاری سلێمانی بە پایتەختی ڕۆشنبیریی هەرێم.

٢- تەرخانکردنی گوژمەیەك بە بڕی (١٠) دە ملیار دینار بۆ سندوقی کۆمەککردنی تووشبووانی شێرپەنجە ، کە بەپێی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٢ دامەزراوە.

٣- گۆژمەیەك بە بڕی (٤٠) چل ملیار دینار دەخرێتە سەر تەرخانکراوەکانی وەزارەتی پێشمەرگە بە مەبەستی دابەشکردنی وەك بەخشینێك بەسەر تاکەکانی هێزی پێشمەرگە ئەوانەی مووچەیان لە (٦٠٠,٠٠٠) شەش سەد هەزار دینار، کەمترە.

٤- گوژمەیەك بە بڕی (١٠) دە ملیار دینار دەخرێتە سەر تەرخانکراوەکانی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان بە مەبەستی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کەسوکاری شەهیدان.

٥- گوژمەیەك بە بڕی (١٠) دە ملیار دینار دەخرێتە سەر تەرخانکراوەکانی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان بە مەبەستی دابەشکردنی وەك بەخشینێك بەسەر کەسوکاری شەهیدان ئەوانەی مووچەیان لە (٦٠٠,٠٠٠) شەش سەد هەزار دینار، کەمترە.

٦- گوژمەیەك بە بڕی (٥) پێنج ملیار دینار دەخرێتە سەر تەرخانکراوەکانی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلآیەتی بۆ هاوکاریکردنی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان ئەوانەی پلەی کەمئەندامیان لە ٤٩٪ زیاترە.

٧- گوژمەیەك بە بڕی (٥) پێنج ملیار دینار دەخرێتە سەر تەرخانکراوەکانی وەزارەتی پەروەردە بۆ دووبارە نۆژەنکردنەوەو چاککردنی قوتابخانە زیان پێکەوتووەکان.

٨- گوژمەیەك بە بڕی (٣) سێ ملیار دینار دەخرێتە سەر تەرخانکراوەکانی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ .

٩- گوژمەیەك بە بڕی (٢) دوو ملیار دینار دەخرێتە سەر تەرخانکراوەکانی دەستەی پاراستنی ژینگە .

١٠- گوژمەیەك بە بڕی (١) یەك ملیار دینار دەخرێتە سەر تەرخانکراوەکانی ئەنجومەنی بالآی خانمان .

**ماددەی شەشەم:**

پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان گوژمەی (١٢٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سەدو بیست ملیار دینار بۆ بەردەوامبوون لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی گەشەپێدان و پەرەپێدانی توانستە مرۆییەکانی کوردستان، تەرخان بکات، لە پێناو ئامادەکردنی کارمەندی پسپۆڕ لەو بوارە جۆراوجۆرانەی کەوا هەرێم پێویستی پێیانە لە رێگەی زەمالەو نێردەو توێژینەوەو خولە راهێنانییەکان لە ژێر سەرپەرشتی دەستەی بالآی پێکهاتوو بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکانی (پەروەردە، خوێندنی بالآو توێژینەوەی زانستی، پلاندانان) بەپێی ئەو پێڕەوەی لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەندکراوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی ماددەی (حەوتەم/دووەم/٥) لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ بە دابینکردنی ژمارەیەك کورسی خوێندن بۆ منداڵی شەهیدان کە خاوەن توانای زانستین،بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی بالآو توێژینەوەی زانستیی هەرێم .

**مادده حەوتەم:** حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بە:-

**یەکەم:** بەردەوامبوون لە هەڵمەتی نیشتیمانیی دروستکردنی قوتابخانە.

**دووەم:** بەردەوامبوون لە پشتگیریکردنی سندوقی نیشتەجێکردنی دانیشتووانی کەم دەرامەت لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن بە مەبەستی بەردەوام بوون لە دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون بەپێی یاسای دابینکردنی خانووی نیشتەجێبوون بۆ دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو بە یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠١١.

**ماددەی هەشتەم:**

**یەکەم:** گوژمەیەك بەبڕی (١٨٥,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سەدو هەشتاو پێنج ملیار دینار تەرخان دەکرێت بۆ پشتگیریکردنی حیزبەکان ، وە خەرجکردن لەم تەرخانکراوە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەپێی ڕێکاریی کاتیی دەبێت، بەمەرجێك ئەو بڕە پارانەی وەك پێشینە لە لایەن حیزبەکانەوە لە هەردوو ساڵی (٢٠١١، ٢٠١٢)دا وەرگیراون تسویە بکرێن، تاوەکو دەرکردنی یاسای پشتگیریی دارایی حیزبەکان.

**دووەم:** گوژمەیەك بەبڕی (١٥,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) پازدە ملیار دینار بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکان تەرخان دەکرێت بەپێی یاسای ڕێکخراوە ناحکومیەکانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١.

**ماددەی نۆیەم:**

**یەکەم:** وەزارەتی دارایی و ئابوری پابەند دەبێت بە بەردەوامبوون لە دابینکردنی قەرزی خانووبەرەو، کشتوکاڵیی و، پیشەسازیی و، گەشت وگوزارییو، پرۆژە بچووکەکانو، تەمویلکردنی سندوقی نیشتەجێکردن/ دەستەی وەبەرهێنان بەگوژمەیەك کە بڕەکەی (٦٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) شەش سەد ملیار دینارەو بەگوێرەی ئەو ستاندەرو ڕێنماییانەی وەزارەتی دارایی و ئابوریی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندارەکان، دەریان دەکات.

**دووەم:** قەرزی خانووبەرە بە بڕی (٢٥,٠٠٠,٠٠٠) بیست و پێنج ملیۆن دینار بۆ هاولاَتیانی ناوەندی ئەو قەزاو ناحیانەی لە ساتەوەختی ڕاگواستنی زۆرەملێ لە لایەن ڕژێمی لەناوچوو وێرانکراون، دیاری دەکرێت .

**ماددەی دەیەم:**

**یەکەم:** بەردەوامبوون لە دابینکردنی پێشینەی هاوسەرگیریی بە بڕی (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار.

**دووەم:** بڕە پارەی سەرفکراو وەك پێشینەی هاوسەرگیریی بۆ منداڵانی شەهیدو ئەنفالکراوان، وەك بەخشینێك کە ناگەڕێتەوە، هەژمار دەکرێت.

**ماددەی یازدەم:**

گوژمەیەك بەبڕی (٥٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) پەنجا ملیار دینار بۆ پرسی کۆچکردن و کۆچپێکراوان تەرخان دەکرێت .

**ماددەی دوازدەم:**

سەرباری تەرخانکراوەکانی بودجەی وەبەرهێنانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، گوژمەیەك بەبڕی (٥٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) پەنجا ملیار دینار بۆ ئەم ناوچانە تەرخان دەکرێت

**ماددەی سێزدەم:**

گوژمەیەك بەبڕی (٦٥,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) شەست و پێنج ملیار دینار وەك کۆمەکی کشتوکاڵیی تەرخان دەکرێت و وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان دەسەڵاتی سەرفکردنی بڕە پارە تەرخانکراوەکانی دەبێت بە مەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی هەرێم بەمەرجێك بۆ مەبەستی تر لێکگواستنەوەی (مناقلە) تیادا نەکرێت.

## بەشی سێیەم

## ( دەسەڵاتەکان )

**ماددەی چواردەم:**

**یەکەم:** سەرفکردن لە پارەدانراوەکانی (اعتمادات) ژمێرە سەرەکیەکان (مووچە، کەلوپەل و خزمەتگوزاری، چاککردنەوە، کۆمەك، بەخشین، خەرجی تر، خەرجیەکانی وەبەرهێنان) لە نێو بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە ئەنجام دەدرێت.

**دووەم:** ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە وەزیرو سەرۆکی ئەو لایەنانەی گرێنەدراون بە وەزارەت، رابسپێرێت، و وەزیریش بۆی هەیە پارێزگارو بریکاری وەزارەت و بەرێوەبەرە گشتیەکان رابسپێرێت بە دەسەڵاتی سەرفکردنی ڕاستەوخۆ لە بەر رۆشنایی ئەو تەرخانکراوانەی لە نێو بودجەی ساڵانەیان متمانەی پێدراوە .

**ماددەی پازدەم:**

**یەکەم:** سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق بۆی هەیە لێککگواستنەوە (مناقلە) لە نێو پارەدانراوەکانی تەرخانکراو بۆ پەرلەمان، ئەنجام بدات.

**دووەم:** سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی هەرێم بۆی هەیە لێککگواستنەوە لە نێو پارەدانراوەکانی تەرخانکراو بۆ ئەنجومەنی دادوەریی، ئەنجام بدات.

**سێیەم:** وەزیری پلاندانان، لە سەر داواکاری وەزارەتی پەیوەندار، بۆی هەیە لێککگواستنەوەی پێویست بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە نێو بودجەی وەبەرهێنانی هەمان وەزارەت و لە سنووری یەك پارێزگادا، ئەنجام بدات و وەزارەتی دارایی و ئابوری لێ ئاگادار بکاتەوە.

**چوارەم:** وەزیری دارایی و ئابوری و بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتە پەیوەندارەکان، بۆی هەیە لێککگواستنەوەی پێویست بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە نێوان وەزارەتەکان و لە سنووری یەك پارێزگا یان یەك قەزاو لە نێو بودجەی وەبەرهێنانی پەسەنکراودا، ئەنجام بدات.

**پێنجەم:** وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار سەرپشك دەکرێت بە ئەنجامدانی لێککگواستنەوە لە نێوان داهاتە خۆیەتیەکانی بودجەی دامەزراوەکانی شارەوانی لە نێو یەك پارێزگاداو ئەنجامدانی لێککگواستنەوە لە نێو ژمێرەی کەلوپەل و خزمەتگوزاری و چاککردن بۆ هەر دامەزراوێکی شارەوانیی.

**شەشەم:** هەردوو وەزیری ئاوەدانکردنەوەو ونیشتەجێکردن و شارەوانی و گەشت و گوزار بۆیان هەیە لێککگواستنەوەی پێویست بۆ ئەو پرۆژانەی تایبەتن بە وەزارەت لە نێو بودجەداو لە سنووری یەك پارێزگا یان یەك قەزادا، ئەنجام بدەن و هەردوو وەزارەتی دارایی و ئابوری پلاندانانی لێی ئاگادار بکەنەوە.

**ماددەی شازدەم:**

**یەکەم:** وەزیری دارایی و ئابوری دەسەلاتی هەیە لێککگواستنەوە لە نێوان پاردانراوەکانی (اعتمادات) یەك دەروازە ئەنجام بدات، جگە لە بەشی (فصل) مووچە، چونکە دەکرێت بۆی بگواسترێتەوەو ناکرێت لێی بگواسترێتەوە.

**دووەم:** وەزیری دارایی و ئابوری بۆی هەیە لێکگواستنەوە لە نێوان پارەدانراوەکانی (اعتمادات) دەروازەکانی بودجە ئەنجام بدات بەمەبەستی دابینکردنی توانای سەرفکردن بۆ ئەو کارگێڕییانەی بڕیار دەدرێت لە وەزارەتێك جیابکرێنەوەو بخرێنە سەر وەزارەتێکی ترو وەزیری تایبەتمەند بۆی هەیە لێکگواستنەوە لە نێو یەك بەش(قسم)دا و یەك یەکەی سەرفکردن، ئەنجام بدات.

**سێیەم:** ناکرێت هیچ لێکگواستنەوەیەك لە نێوان پارێزگاکاندا لە نێو تەرخانکراوەکانی (پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی هەرێم و پارێزگاکان) ئەنجام بدرێت.

**چوارەم:** ناکرێت لێکگواستنەوە لە تەرخانکراوەکانی خەرجی پرۆژەکانی وەبەرهێنان، واتە تەرخانکراوەکانی (بودجەی وەبەرهێنان)، بۆ تەرخانکراوەکانی خەرجی بەگەڕخستن، واتە تەرخانکراوەکانی (بودجەی ڕەوەن)، ئەنجام بدرێت.

**پێنجەم:** ئەو پارەدانراوانەی (اعتمادات) لەم یاسایەدا پەسەندکراون تاوەکو (٣١)ی کانونی یەکەمی ساڵی دارایی (٢٠١٣) بەکاردەهێنرێن و داهاتە دەستەبەرکراوەکان تاوەکو ٢٠١٣/١٢/٣١ تۆمار دەکرێن. بەڵام ئەو داهاتانەی لە دوای کۆتایی ساڵی دارایی (٢٠١٣)ەوە وەردەگیرێن، ئەوا وەك داهاتێك بۆ بودجەی ساڵی دارایی ٢٠١٤ تۆمار دەکرێن .

**ماددەی حەڤدەم:**

**یەکەم:** وەزیری تایبەتمەند دەسەڵاتی سەرفکردنی هەیە بە بڕێك لە (٣٥٠,٠٠٠,٠٠٠) سێ سەدو پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێت بۆ هەر حاڵەتێك و، بۆی هەیە سەرۆکی ئەو فەرمانگانەی سەر بە وەزارەتەکەی ئەون رابسپێرێت بە سەرفکردنی بڕێك لە (٢٥٠,٠٠٠,٠٠٠) دوو سەدو پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

**دووەم:** سەرۆکی ئەو دەستانەی بە وەزارەت نەلکاون دەسەڵاتی سەرفکردنی بڕێکیان هەیە لە (٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سێ سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت ، بۆ هەر حاڵەتێك.

**سێیەم:** لە (یەکەم) و (دووەم)ی سەرەوە ئەمانەی خوارەوە ڕەچاو دەکرێن:

١- سەرفکردنەکە بەپێی ئەو پارەدانراوە (اعتمادات) پەسەندکراوانەی بودجەی گشتیی ساڵانەو بۆ ئەو مەبەستانە بێت کەوا بۆیان دیاری کراوە.

٢- پابەندبوون بەو پارەدانراوانەی (اعتمادات) لە بودجەی گشتی تەرخان کراون و ڕێگە نادرێت بە چوونە نێو پابەندیی دارایی زیاتر لەوەی لە بودجەی ساڵانە بۆی تەرخان کراوە.

**چوارەم**: وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار دەسەلآتی سەرفکردنی ڕاستەوخۆی هەیە لە بڕە پارەی داهاتی شارەوانی.

**پێنجەم**: وەزیرەکانی تەندروستی و کارەباو ناوەخۆو لە نێو ئەو ڕێژانەی کە لە بڕگەی دووەم/٣ی ماددەی دووەم بۆیان دیاری کراوە، دەسەلآتی سەرفکردنی ڕاستەوخۆیان هەیە لە بڕە پارەی داهاتی کە لەلایاندا دەستەبەرکراوە.

**ماددەی هەژدەم:**

پێویستە کۆی گشتی پاداشتی نەختینەیی و شتەکییانەی ساڵانە دەدرێت بە فەرمانبەران بۆ یەك کەس و بۆ هەمان کار، لە نێو تەرخانکراوە بڕیاردراوەکانی بودجەی تایبەتمەند، لە دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێت لە حاڵەتی هەڵسانیان بە ڕەنجدانی ڕادەبەدەر لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی فەرمانبەرێتی کە لە ئەستۆیان دایە، ئەو پاداشتانەی دەبەخشرێنە کارمەندانی پرۆژەی وەبەرهێنان لە ڕێژەی بەدواداچوون و سەرپەرشتیکردن و پاداشتی ئەندامانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی کە مانگانە بۆیان سەرف دەکرێت، بەدەر دەخرێن. و بەپێی ڕێنماییێك کە وەزارەتی دارایی و ئابوری دەریدەکات.

## بەشی چوارەم
## ( میلاکات )

**ماددەی نۆزدەم:**

**یەکەم**: پێویستە لە سەر وەزارەتی دارایی و ئابوری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی تر ووردەکاریی میلاکاتی دەستەکانی هەرێم بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٣ ئامادە بکات و لەبەر ڕۆشنایی تێچوونی مووچە پەسەندکراوەکانی هەرێم، کە دەگاتە (١٥,٠٠٠) پازدە هەزار پلەی فەرمانبەرێتی تازە بۆ ساڵی ٢٠١٣.

**دووەم**: پێویستە لە سەر دەستەو وەزارەت و ئەو لایەنانەی گرێنەدراون بە وەزاەت ژمارەی پلە فەرمانبەرێتیە تازەکانی نێو میلاکی ساڵی ٢٠١٣ دابەش بکەنە سەر میلاکی دامەزراوەکانی هەرێم و پارێزگاکان بەگوێرەی ڕێنمایی دەرکراو لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

**سێیەم**: پێویستە لە سەر وەزارەت و ئەو لایەنانەی گرێنەدراون بە وەزارەت ئەو پلە فەرمانبەرێتیە تازانەی نێو میلاکی ٢٠١٣ ڕابگەیێنێت بۆئەوەی میکانیزمی دامەزراندن و مەرجەکانی یەکخراو بن و لەیەك کاتدا ڕاگەیاندرابن تاوەکو پێکهێنانی ئەنجومەنی خزمەتی گشتی لە هەرێمدا.

**چوارەم**: وەزارەت و ئەو لایەنانەی گرێنەدراون بە وەزاەت پابەند دەبێت بە ئامادەکردنی چەند نەخشەیەك کەوا ژمارەی فەرمانبەرو ناوو ناونیشان و پلە فەرمانبەرێتیی ئەوانەی بەگوێرەی ئەو ڕێژانەی لە سەرەوە ئاماژەیان بۆ کراوە دامەزراون لەگەڵ فەرمانی تایبەت بە دامەزراندن لە خۆبگرێت و پێشکەشی بکات بە وەزارەتی دارایی و ئابوری.

**پێنجەم**: نابێ بەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابوری گرێبەستی کارکردن لە فەرمانگەکانی هەرێمدا ببەسترێت، وە ئەولەویەت لە دامەزراندن دەدرێتە گرێبەستە بەرکارەکان و ماوەی گرێبەستەکە بۆ مەبەستی خانەنشینی بە خزمەت هەژمار دەکرێت، و وەزیری دارایی و ئابوری بۆی هەیە ئەم دەسەڵاتە بەگوێرەی پێویست بە وەزیرو سەرۆکی لایەنی گرێنەدراون بە وەزاەت ، رابسپێرێت.

**شەشەم**: وەزارەتی دارایی و ئابوری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندارەکان رادەسپێردرێت بە دامەزراندنی ئەو گرێبەستکارانەی کەوا زیاتر لە سێ ساڵ بەسەر گرێبەستی دامەزراندنیان تێپەڕی کردووە، لە سەر میلاکی هەمیشەیی و بە هەمان ژمارەو هەمان پسپۆڕی ئەوانەی ڕەوانەی خانەنشینی کراون بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٣ و بەپێی ڕێنماییێك کە وەزارەتی دارایی و ئابوری دەریدەکات.

**ماددەی بیستەم:**

بە مەبەستی هاندانی گواستنەوەی فەرمانبەران لە کەرتی گشتی بۆ کەرتی تایبەت (و ڕێنوێنیکردنی میلاکی حکومی):-

**یەکەم**: لە حاڵەتی ڕەزامەندی فەرمانبەر لەسەر دەست هەڵگرتن لە فەرمانبەرێتیەکەی و گواستنەوەی بۆ کەرتی تایبەت، ئەوا ئەو فەرمانگەیەی لێی گواستراوەتەوە بەردەوام دەبێت لە سەرفکردنی نیوەی مووچەکەی بۆ ماوەی (٥) ساڵ سەرباری داهاتەکەی لە کارە نوێیەکە.

**دووەم:** سەرجەم مافە خانەنشینیەکانی فەرمانبەر دەگواسترێتەوە بۆ بیمە کۆمەلآیەتیەکەی لە کەرتی تایبەتدا بەپێی حوکمەکانی یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەلآیەتی و هەموارکراوە کارپێکراوەکانی لە هەرێمدا.

**سێیەم:** پێویستە لە سەر وەزارەتی دارایی و ئابوری رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم ماددەیەو دیاریکردنی ستاندەرو مەرجەکانی دەربکات.

## بەشی پێنجەم

## ( حوکمە کۆتاییەکان )

**ماددەی بیست و یەکەم:**

پێویستە لە سەر حکومەتی هەرێم یەکسانی دەستەبەر بکات لە نێوان مووچە و دەرماڵەی کارمەندانی لە هەرێمدا لەگەڵ مووچەو دەرماڵەی هاوشانەکانیان لە کارمەندانی حکومەتی ناوەندیی بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێم بە مەرجێك ئەمە نەبێتە هۆی کەمکردنەوەی مووچەو دەرماڵەی هەر یەکێکیان و ئەوانەی حوکمەکانی ماددەی (٣٧)ی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە بەدەردەکرێن.

**ماددەی بیست و دووەم:**

پێویستە لە سەر حکومەتی هەرێم یەکسانی دەستەبەر بکات لە نێوان مووچەی خانەنشینان لە هەرێمدا لەگەڵ مووچەی هاوشانەکانیان لە خانەنشینەکانی حکومەتی ناوەندیی بە مەرجێك نەبێتە هۆی کەمکردنەوەی مووچەکانیان بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێم.

**ماددەی بیست و سێیەم:**

پێویستە لە سەر حکومەتی هەرێم کار بکات بۆ دابینکردنی برە پارەی پێویست (سیولە نقدیە) لە لایەن بەنکە حکومیەکانەوە بۆ مسۆگەرکردنی سەرفکردنی مووچەی فەرمانبەرو خانەنشینان لە کاتە دیاریکراوەکانیاندا.

**ماددەی بیست و چوارەم:**

پێویستە لە سەر حکومەتی هەرێم دووبارە چاو بخشێنێتەوە بەو بڕیارو ڕێنماییانەی تایبەتن بە تۆڕی چاودێریی کۆمەلآیەتی و بیمەی کۆمەلآیەتی بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و هەژاریی.

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

پێویستە لە سەر حکومەتی هەرێم یەکسانی دەستەبەر بکات لە نێوان مووچەو دەرماڵەکانی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ هاوشانەکانیان لە هێزە چەکدارەکانی عێراقیی ناوەندیی و قەرەبووکردنەوەیان لە دوای وەرگرتنی سەرجەم شایستە داراییەکانی حکومەتی هەرێم لە لای حکومەتی ناوەندیی بەپێی یاساکانی بودجەی گشتی ساڵەکانی (٢٠٠٧-٢٠١٣) .

**ماددەی بیست وشەشەم:**

پێویستە لە ماوەی خولی گرێدراوی دووەمی خولی هەڵبژاردنیی سێیەمەی پەرلەماندا:

**یەکەم**: سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم دابمەزرێت بەپێی ئەو میکانیزمەی لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ دەقی لە سەر کراوە.

**دووەم**: پێکهێنانی دەستەی دەسپاکیی هەرێم بەپێی یاسای دەستەی دەسپاکیی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١.

**ماددەی بیست و حەوتەم:**

پێویستە لە سەر حکومەتی هەرێم ئەنجومەنی ڕاژەی گشتیی هەرێم بەپێی یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١١، پێکبهێنێت.

**ماددەی بیست و هەشتەم:**

پێویستە لە سەر حکومەتی هەرێم پرۆژەیەك پێشکەش بکات بە هەموارکردنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ بەشێوەیەك کە لەگەڵ خەبات و قوربانیەکانیاندا بگونجێت.

**ماددەی بیست و نۆیەم:**

پێویستە لە سەر حکومەتی هەرێم دەرماڵەیەك بە ڕێژەی (٢٠٪)ی مووچەی بنەڕەتی زانایانیی ئایینی (پێشنوێژو ووتارخوێن) لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، ببەخشێت .

**ماددەی سییەم:**

پێویستە لە سەر حکومەتی هەرێم لە حاڵەتی ڕوودانی گۆڕانکاری لە بەشە بودجەی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠١٣، ئاگاداری پەرلەمانی کوردستان بکاتەوەو بیخاتە بەردەمی بۆ پەسەندکردن .

**ماددەی سی و یەکەم:**

لە دوای دەرچوواندنی ئەم یاسایە لە هەرێمی کوردستان – عێراقدا، ناکرێت داوای وەرگرتنی هیچ تەرخانکردنێکی زیاتر لە وەزارەتی دارایی و ئابوری بکرێت.

**ماددەی سی و دووەم:**

پێویستە لەسەر وەزارەت و فەرمانگەکانی هەرێم سەرجەم ژمێرە مانگانەییەکانیان (بودجەکانی پێداچوونەوە) لە ماوەیەك لە (١٠) ڕۆژ لە کۆتایی هەر مانگێك تێپەرنەکات، پێشکەش بە وەزارەتی دارایی و ئابوری/ بەڕێوەبەرایەتی ژمێرکاریی گشتی ، بکەن .

**ماددەی سی وسێیەم:**

سەرۆکی فەرمانگەی یەکەی خەرجییەکان کە لە ماوەی دیاریکراو دا لە پێشکەشکردنی ژمێرە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٢ی فەرمانگەکەی دوادەکەوێت ، بەپێی ڕێکارە یاسایی و ڕێنماییە بەرکارەکان، ڕەوانەی لێکۆڵینەوە دەکرێت .

**ماددەی سی و چوارەم:**

**یەکەم**: پێویستە لە سەر گشت وەزارەت و فەرمانگەی گرێنەدراون بە وەزاەت خەرجیەکانی بەگەڕخستن و وەبەرهێنان بەسەر پارێزگاکانی هەرێمدا دابەش بکەن لەگەڵ ڕەچاوکردنی چڕی دانیشتووانی هەر پارێزگایەك و ئەو ناوچانەی زیاتر زیانیان بەرکەوتووە لە دوای دورخستنەوەی خەرجیەکانی ناوەندیی وەزارەت.

**دووەم**: پێویستە لە سەر سەرجەم پارێزگاکان هەماهەنگی بکەن لەگەڵ وەزارەت و لایەنی گرێنەدراون بە وەزاەت بۆ جەختکردن لە جێبەجێکردنی برگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە لە رێکەوتی جێبەجێکردنی کردارەکیی بودجەدا.

**سێیەم**: پێویستە لە سەر دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم داوا بکات لەو دەستە چاودێرییانەی پێیەوە لکاون و لە پارێزگاکانی هەرێم بوونیان هەیە دڵنیابن لە جێبەجێکردنی برگەی (یەکەم)ی سەرەوەی ئەم ماددەیە لە رێکەوتی جێبەجێکردنی کردارەکیی بودجەدا.

**ماددەی سی و پێنجەم:**

پارێزگا بۆی هەیە، بە گوێرەی پسپۆری، داوا لە هەر وەزارەتێك بکات بە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەی، لە سەر ژمێرە تەرخانکراوەکانی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی هەرێم و پارێزگاکان، بۆ پارێزگاکە تەرخانکراون.

**ماددەی سی و شەشەم:**

**یەکەم**: سەرجەم کەلوپەل و کالاّ هاوردەکانی فەرمانگەکانی هەرێم و کەرتی گشتی لە رسوماتی گومرگیی دەبوردرێن ، بە مەرجێك بە ناوی ئەوان بۆ بەکارهێنانی ئەوان هاوردە بکرێن.

**دووەم**: لێبوردنی سەرەوە کەلوپەل و کالاّ هاوردەکانی فەرمانگەکانی هەرێم و کەرتی گشتی کە لەلایەن حکومەت یان دامەزراوە بەخشینەرەکانەوە دێن، لەخۆ دەگرێت

**ماددەی سی و حەوتەم:**

بەردەوامبوون لە سەر برینی ١٠٪ی مووچەی سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی و سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و سکرتێرو ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرو ئەوانەی بە پلەی وەزیرن و ئەوەی مووچەی وەزیرو بریکاری وەزارەت وەردەگرێت و ئەوانەی بە پلەی ئەون و ئەوەی مووچەی بریکاری وەزارەت وەردەگرێت و راوێژکارو خاوەن پلە تایبەتەکان و دادوەرو ئەندامانی داواکاریی گشتیی، بەمەبەستی پشتگیریکردنی سندوقی کۆمەکی تووشبوانی شێرپەنجە بەگوێری یاسای سندوقی کۆمەکی تووشبوانی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٢.

**ماددەی سی و هەشتەم:**

پێویستە لە سەر وەزارەت و لایەنی گرێ نەدراون بە وەزاەت کە لە دەرەوەی عێراق نێردە یان زەمالە یان مۆڵەتی خوێندنیان هەیە پابەندبن بە دابەشکردنی بەشە کورسی تەرخانکراو بۆیان ، بەگوێرەی ڕێژەی دانیشتوان و پسپۆری بۆ هەر پارێزگایەك .

**ماددەی سی و نۆیەم:**

حکومەتی هەرێم پابەند دەبێت بە:-

**یەکەم**: جێبەجێکردنی پرۆژەکان بەپێی ئەو پلانەی لە بودجەی وەبەرهێنان ڕاگەیێندراوە لە لایەن وەزارەتەکان و بەگوێرەی پسپۆڕییەکانیان، و ناکرێت هیچ وەزارەتێك پرۆژە لە دەرەوەی پسپۆریی خۆی جێبەجێ بکات.

**دووەم**: پێویستە لە سەر وەزارەتی پلاندانان ڕاپۆرتی بەدواداچوونی وەرزیی یان هەر چوار مانگ جارێك پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان بکات.

**ماددەی چلەم:**

پێویستە لە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگەی یاسایی بۆ وەرگرتنی گشت مستەحەقاتەکانی حکومەتی هەرێم لە لای حکومەتی ئیتیحادیەوە، بەگوێری حوکمەکانی دەستوور، بگرێتەبەر.

**ماددەی چل و یەکەم:**

مامەڵەکردن لەگەڵ داهاتە وەدەستهاتووەکانی پرۆسە نەوتیە تایبەتەکانی کێڵگە نەوتیەکان بەگوێرەی حوکمەکانی دەستووری عێراق و مادده (١٥)ی یاسای نەوت و گازی هەرێم ئەنجام دەدرێت، تاوەکو دەرکردنی یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتیەکان.

**ماددەی چل و دووەم:**

پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران پێڕەوو ڕێنمایی ئاسانکار بۆ پیادەکردنی پرەنسیپی لامەرکەزی لە کاتی مایەپێدانی (تمویل)ی وەزارەتەکان بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی لەم یاسایەدا هاتوون، دەربکات.

**ماددەی چل و سێیەم:**

پێویستە لە سەر وەزیری دارایی و ئابوری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری پلاندانان ، لە ماوەیەك لە (١٥) پازدە رۆژ لە رێکەوتی بلاوکردنەوەی ئەم یاسایە لە رۆژنامەی فەرمییدا تێپەرنەکات، رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایەو، دیاریکردنی دەسەلاتەکانی سەرفکردن بۆ کارگێرییە حکومیەکان، دەربکات.

**ماددەی چل و چوارەم:**

کار بە هیچ برِیارێکی ناکۆك لە گەل ئەم یاسایە ناکرێت و گەنجینە هیچ بارگرانییێکی دارایی ئەم برِیارە لە ئەستۆ ناگرێت.

**ماددەی چل و پێنجەم:**

پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی چل و شەشەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بلاّودەکرێتەوەو لە رێکەوتی ٢٠١٣/١/١ەوە جێبەجێدەکرێت.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**
**٢٦ /شوبات /٢٠١٣ ی میلادی**
**٧/ رەشەمێ/ ٢٧١٢ ی کوردی**
**١٥/ رە بیع الثانی/١٤٣٤ ی هجری**

## هۆیە پێویستکارەکان

لەپێناو برِیاردانی بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٣، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.